# خۆپیێشاندانەکانی ئۆگۆست و ئاسۆیەکی سیاسی لە کوردستان



**نادر عبدالحمید**
jamal1506@yahoo.com

## بەشی دووەم : خۆپیێشاندان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکان

ئێمە لە بەشی یەکەمدا باسمان لە ڕەوەندێکی مێژوویی کرد کە ئێستا هەرێمی کوردستانی عێراق پیا تێئەپەڕێت وەک بنەمایەکی ماددی بۆ ئەم خۆپیێشاندانانە لە قووڵترین ئاستیدا. وەبۆ ئەوەی بەرەو پێناسەیەکی دیاریکراوتری ئەم دیاردەیە بچین و دەرکێکی بەرجەستەترمان هەبێت لێی و جەوهەرەکەی ڕونتر بێتەوە بۆمان پێویستە ئەم دیاردەیە- نارەزایەتی جەماوەری و خۆپیێشاندانەکان- لە پەیوەند بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکانی کوردستانی عێراقەوە ڕونبکەینەوە:

********** ********* **********

## خۆپیێشاندان: ناسیونالیزم و ڕیفۆرمیزم لە کوردستان.

ئەمرۆ توێژێکی بەرفراوان لە ڕۆشنبێرانی پسپۆڕ و خاوەن شەهادە ، تیۆریسن و ئایدیۆلۆژیست، خاوەن نەزەر و پلاندانەر لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئیداری، ڕۆشنبیری و قانوونی و.....هتد لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە. ئەم توێژەیە لەناو دامەزراوە مەدەنیەکان، دەزگا ڕۆشنبیریەکان، پرۆژەکانی وەبەرهێنان و دامودەزگا دەوڵەتیەکانی هەرێمدا سەرگەرمی کاروچالاکیە. سەرچاوە فکری و فەرهەنگیەکانی ئەم توێژە موتوربە بووە بە ئیلهام وەرگرتن لە لیبرالیزم، دیموکراتخوازی، ڕیفۆرمیزمی ئەوروپایی و بازاڕی ئازادی ئەمریکی. وە لەگەڵ ڕۆشنبیرانی حیزبی خاوەن فەرهەنگی خۆماڵی و کوردانە لەکێشە و بێنەوبەرەدان لەسەر پاراستنی فەرهەنگی ڕەسەنی کوردی یا پایەگوزاری فەرهەنگێکی مۆدێرن و تاڕاددەیەک سکیولار و عیلمانی. ئەلگۆیەکی ئابووری کە ئەم توێژە ئەیخاتە بەر چاوی پوڵداران و سەرمایەدارانی کوردستان ئەلگۆیەکی ئەمەریکیە لە ئابوورییەکی گەشەکردووی خاوەن پیشەسازی و بازاڕی ئازاد. وێنەیەکیش کە بۆ ژیان پێشانی کۆمەڵی ئەدات وێنەی دەوڵەتی ڕەفاهی سۆشیال-دیموکراتەکانی ئەوروپییە. ئەم توێژە لە ڕوانگەیەکی مۆدێرن و ستراتیژیترەوە دەڕوانێتە ئایندەی دەوڵەتی خۆماڵی کوردستان و خوازیاری دەست کۆتا کردنی حیزبـ(پارتی و یەکیەتی)ە لە کاروباری دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە مەدەنیەکانی کۆمەڵگە. <u>بەیەک ووشە ئەم تووێژە بەشێکە لە پرۆسەی گواستنەوەی دەسەڵاتی حیزبایەتی و ناوچەیی (بادینی و سۆرانی) بۆ دەسەڵاتێکی سەراسەری یەکگرتوو لە شکڵی دەوڵەتێکی مۆدێرندا</u>. بەم مانایە ئەم توێژە خوازیاری ڕیفۆرمە هەم لە هەیکەلی ئیداری دەوڵەت و هەم لەناو کۆمەڵیشدا. ئەم توێژە بەهۆی نەبوونی پایەگای بزووتنەوەیەکی سیاسی-ڕیفۆرمیستی لە دەرونی بورژوازی لە کوردستاندا لە پەراوێزی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کوردا خۆی ئەبینێتەوە. <u>لایەک چاوساغ و ڕاوێژکاری ناسیونالیزم و دەوڵەتەکەیەتی وە لەلایەکی ترەوە تریبۆنێکە بۆ خستنەبەرچاوی خواستە کۆمەڵایەتیەکانی جەماوەر</u>. لایەک کڕوزانەوە و سواڵکردنە لە ناسیونالیزم و دەوڵەتەکەی بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆڕم، وە لەلایەکی ترەوە ڕاگرتنی جەماوەرە لە چاوەڕوانیدا تا بزانن پاش تاڵانوبڕۆی دەوڵەت بەرماوەیەک ئەمێنێتەوە لەبەردەم لێپرسراوانی حیزبی و حکومی تا هەندێک لە خواستەکانیانی پێدابین بکرێت!

ئەوەی کە جێگە سەرنجی ئێمەیە لێرەدا، دەرخستنی ئەولایەنەیە لە ڕۆڵ و بایەخی سیاسی ئەم توێژە لە مێژووی کۆمەڵایەتی-سیاسی ئەمڕۆی کوردستاندا، کە خواست و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەر وەک کارتێکی فشار بەکار ئەهێنێ بەرامبەر دەسەڵات و لێرەوە جەماوەر لە چاوەڕوانیدا ڕادەگرێت بەدیار ئەم سواڵ و سەدەقەیەوە لە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد. ئەمە ستراتیژی سیاسی ئەم توێژەیە، نەک ئەرکی بەرێخستنی بزووتنەوەیەکی سیاسی-ڕیفۆڕمیستی کە جەماوەر بەخواستەکانیانەوە کێش بکات بەدوای خۆیدا و ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بوەستێەوە بۆ هێنانەدی ڕیفۆڕمێکی سەراسەری.

بەڵام جەماوەر ناتوانێت تاسەر بەدیار سواڵ و سەدەقەوە دابنیشێ و لە چاوەڕوانیدا بمێنێتەوە. مەجبور دەبن بێنە مەیدان بۆ هێنانەدی خواستێکی ڕیفۆڕمیستانەی ڕەفاهی و ژیانێکی هاوچەرخ لەناو هەمان سیستم و لەژێر هەمان دەسەڵاتدا، بەڵام ئەوە خودی ئەم سیستمە و دەسەڵاتەکەیەتی کە دەروازەی ئەوەی داخستوە بە شێوازێکی ئارام و لە ڕێگەی بزووتنەوەیەکی ڕیفۆڕمیستانەوە بهێنرێنەدی. هەر بۆیە جەماوەر بە شێوازێکی توڕە، داخ لەدڵ و قیناویەوە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەت، هەڵدەڕژێنە سەر شەقامەکان و دەست دەکەن بە بەردەباران و تێکوپێک شکاندنی (وەهەتا هەندێ جار تاڵانوبڕۆی) هەر شتێک کە سومبولی دەسەڵات و دامودەزگاکانی بێت. ئەمە بێفەرهەنگی و دواکەوتوویی خەڵک نیە کە بەم شێوازە دێنە مەیدان بەڵکو نیشانەی پەرەسەندنی ئاگاهییانە بە پەیوەندی نێوان خۆیان و دەسەڵات، وە تێگەیشتنیانە لە میکانیزمەکانی داسەپاندنی خواستەکانیان بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا.

خۆپێشاندانەکانی جەماوەر دەریخست کە نەک هەر هێنانەدی ڕیفۆڕمێکی سەراسەری کۆمەڵایەتی-سیاسی لە کوردستاندا، بەڵکو دابین کردنی سەرەتایی ترین خواستەکانیشیان لەڕێگەی سواڵ و سەدەقەوە نایەتەدی و پێویستی بەهاتنەمەیدانێکی لێبڕاوانەی خۆیان هەیە بەرامبەر دەسەڵاتی دەوڵەت. ئەمە شێتگیری کەڵەکەی سەرمایە و دەسەڵاتە ناسیونالیستیەکەیەتی کە جەماوەر ناچار ئەکات بۆ دابین کردنی سەرەتایی ترین خواستەکانیان، بە توڕەییەوە بێنە سەرشەقامەکان، مەجبوربن کوتەک بخۆن، دەستگیر کرێن، لەکونجی زیندان خرێن و وەبەر دەستڕێژی گولله درێن.

ئالەم کاتەدایە کە ئەم توێژە ڕۆشنبیرە بەو ئاکامە ئەگات کە "خواوەند کاری وا دەکات بەندەش خەجاڵەت ئەکاتەوە". و دڵسارد ئەبنەوە لە دەوڵەت "خواوەند"ەکەیان و دەکەونە مینگەمینگ و پرتەوبۆڵە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتەی کە خواستی کرێکارانی کارگەی چەمەنتۆی تاسلۆجە بۆ بەرزکردنەوەی کرێ ئەداتە بەر دەستڕێژی گولله کەچی لەولاوە تەواو دەستبڵاو و سەخاوەتمەندە بەرامبەر سومبولەکانی کۆمەڵگەی کۆن و مووچەیەکی چەوروچۆڵ و بێ لێپرسینەوە سەرف ئەکات، بۆ تەکیە و خانەقاکان، مزگەوت و دیوەخانی سەرۆک عەشیرەتەکان کە بەشێکیشیان سەرۆک جاش و بەشەخسیش بەشدار بوون لە هەڵمەتەکانی ئەنفالدا.

ئەمە هەڵقوڵاوی کلتوری عەشیرەتگەری وەیا کلتوری چەک بازی و کەللەڕەقی ناو شاخوداخی ناسیونالیزمی کورد نییە، بەڵکو ڕێک هاتنەوەی دەسەڵاتەکەیەتی لەگەڵ پێداویستیە شارستانیەکانی کەڵەکەی سەرمایە. ئەمە کلتوری جۆرج بۆشی کوڕ و جۆرج بۆشی باوک و جۆرجی باپیر و باپیرە گەورە و هەموو گەورەکانی تریشە کە بەمیرات ئەگوازرێتەوە بۆ بارزانی و جەلال تاڵەبانی و نەوەی تازەی بارزانیەکان و نەوەی تازەی جەلالیەکانیش.

کۆمەڵگە بەبێ ڕیفۆڕم، بەبێ دابینکردنی ژیانێکی هاوچەرخ بۆ هاووڵاتیان شیرازەی لەبەریەک ئەترازێت، بۆیە ڕیفۆڕم بەشێکی جیانەکراوەی ژیانی هەر کۆمەڵگەیەکە. بەڵام میکانیزمێک کە ئەم ڕیفۆڕمانە دێنێتەدی لەووڵاتانی

ژێردەستەی سەرمایەداری وەکو ئەو میکانیزمانە نییە کە ئەم ڕیفۆڕمانەی لە وولاتانی سەرمایەداری میترۆپۆلدا هێناوەتەدی بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم. مێژوویی سیاسی-کۆمەلایەتی زووربەی هەرەزۆری ئەم وولاتانە(ی ناسراو بە جیهانی سێهەم) ئەوەی سەلماندووە کە بنەمای مادی-ئابووری سەرهەلدانی بزووتنەوەیەکی سیاسی-ڕیفۆڕمیستی لە دەرونی بورژوازیەکەیدا مەوجود نەبوە کە جەماوەر دوای خۆی کێش بکات بۆ هێنانەدی ڕیفۆڕمێکی سەراسەری، هەربۆیە خواستە ڕەفاهیەکانی جەماوەر، دوای پشت گوێخستنێکی دوورودرێژ، وە پاش لەمەنگەنەدانێکی زۆر تەقیوەتەوە بەڕووی دەسەلاتدارانا لەشکلی خۆپێشاندان، ڕاپەڕین و شۆڕشێکی خۆبەخۆیی جەماوەرێکی دلگەرم، توڕە، قین لەدل و بێ خەتێکی سیاسی ڕۆشن. وەهەر بۆیەشە حیزب و هێزە سیاسیەکانی سەر بە ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی تر توانیویانە سواری شەپۆلی ناڕەزایەتی جەماوەر ببنن و دەسەلات بگرنەدەست بەدژی جەماوەر و جەماوەر توشی جۆرێک لە "پەشیمانی سیاسی" بکەن و تا دەورانێکی تر بێ ئومێدیان بکەن بە خەبات و تێکۆشان و هەرجۆرە هەولی و تەقەلایەک بۆ گۆڕینی بارودۆخی سەختی ژیانیان.

ئەمە مێژووی زووربەی وولاتانی جیهانی سێهەم بووە بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم و بەدەسەلات گەیشتنی بورژوازیە خۆمالی(محەلی)ەکەی. ئەم خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیە جەماوەریانەی کوردستانیش نمونەیەکی ئەم واقعە کۆمەلایەتی-سیاسییەیە. کێشمەکێشێک نییە لە نێوان ناسیونالیزمی دەسەلاتداری کورد و بزووتنەوەیەکی سیاسی-ڕیفۆڕمیستی لە کوردستاندا. بەلکو کێشەیەکە لە نێوان ئەم ناسیونالیزمە دەسەلاتدارە و ڕدیکالیزمەیەکی خۆبەخۆیی جەماوەر و بێ خەتێکی سیاسی ڕۆشن لە کوردستاندا.

********** ********** **********

## خۆپێشاندان: چەپ، ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی.

ڕادیکالیەتی ئەم خۆپێشاندانانە هەلقولاوی بارودۆخێکە کە لە سەرەوە باسمان کردوە و پەیوەست نەبووە بە بەشداری حیزب و لایەن و ڕێکخراوە چەپەکانەوە. گەرچی بەشداریشیان ئەم خسلەتەی بەرینتر و قولتر کردۆتەوە. ئەمە دەرکێکی دیتێرمینیستیانە(مەحدود)ی تەسکوتروسکە کە بیەوێت لە بەشداری کردنی چەپەکانەوە ئەو ئاکامە بەدەست بهێنێ کە ئەم ناڕەزایەتییە جەماوەریانە سەر بەبزووتنەوەی چەپە. ئەم دیاردەیە لە خودی (زاتی) خۆیا چەپی ڕادیکالی کۆمەلە هەتا ئەگەر ڕێکخراوە چەپەکانیش بەشداری تیا نەکەن.

بارودۆخێکی بابەتی کە ڕەوەندێکی مێژوویی هێناویەتیەپێش لە کوردستاندا، ئەم دیاردەیەی وەک بزوتتنەوەیەکی جەماوەری ڕادیکال و چەپ شکل پێداوە، نەک ئیرادەی ئەم گروپ و ئەم حیزب، وەهەر بەهۆی ئەم بارودۆخەشەوەیە کە ئەم دیاردەیە ناتوانێت دیاردەیەکی سەر بە ناسیونالیزمی کورد وەیا ئیسلامی سیاسی بێت.

لایەنگری و بەشداری هەندێک لایەن، ڕێکخراو و حیزبی ناسیونالیست لەم خۆپیشاندانانەدا، ئەم خۆپیشاندانانە ناکاتە دیاردەیەک سەر بە بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد. ئەم دیاردەیە لە خودی خۆیا (هەروەک پێشتر باسمان لێوەکردووە) دژی دەسەلاتی ناسیونالیزمی کوردە بەتایبەتی و دابڕانی جەماوەرە لە ناسیونالیزم بەگشتی جیا لەوەی لایەنێک یا حیزبێکی ناسیونالیستیش تیا بەهرەمەند ئەبێ یان نا. هەروەها بەهەمان شێوەش بەشداری لایەن و ڕێکخراوە ئیسلامیەکانیش ئەم دیاردەیە ناکاتە دیاردەیەک سەر بەبزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان.

ئەم دیاردەیە بە حوکمی ئەو باروزروفە مێژووییە وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی جەماوەری چەپ و ڕادیکاڵی کۆمەڵگە بەرووی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردا تەقیوەتەوە. وە کەش و ئاوهەوایەکی سیاسیش کەلەدوای خۆی بەجێی ئەهێڵێت، ئیسلامی سیاسی پێ تەنگەنەفەس ئەکات.

ئەو بۆچونانەی کەباس لە نیگەرانی بەهێزبوون و هاتنەپێشەوەی " ئیسلامییەکان" ئەکەن لە ڕێگەی ئەم خۆپێشاندانانەوە، دەرکی ئەم دیاردەیە و ئەم ڕەوەندە مێژووییەی ئێستا بەقوڵی ناکەن. ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا لەڕەوەندی دەیەی ڕابردووی نەوەتەکاندا تا کاتی ڕوخانی ڕژێم لە سەرەتای ساڵی **2003** دا، دەست مایەیەکی سیاسی بەدەست هێناوە بۆخۆی کە ئێستا وەک ئۆپۆزیسیۆنێکی عاقڵ و پەڕاوێزەیی (حاشیەیی)لە پەرلەماندا بەرهەمەکەی ئەخوا. جێگەورێگەی ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی ئەمڕۆدا تەواو جیاوازە لە جێگەورێگەی ئیسلامی سیاسی لە عێراق و وولاتانی تری ڕۆژهەڵاتی و عەرەبی.

ڕاستە ئەمڕۆ ئیسلامی سیاسی (بەهەموو باڵە جیاجیاکانی و ڕێکخراوە جیاجیاکانیەوە) دوای ناسیونالیزم گەورەترین هێزی پلە دووی سیاسییە چ لە پەرلەمانی کوردستان و چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. بەڵام تێگەیشتن لە گرێوگۆڵە ئەسڵییەکانی کۆمەڵگەیەک، لەوەی کە مێژووی ئەو کۆمەڵگەیە لە کوێوە ئەڕواتەڕێوە، ئەبێ واوەتر بڕۆین لە شیکردنەوەیەکی ڕۆژنامەگەریانەی هێنان و بردنی ئەو هێزانەی کە لە سەر ئاستی سەرەوەی کۆمەڵگە بەدەرەوەن. وە دەبێ شۆڕبینەوە بۆ تێگەیشتن و دەرخستنی ئەو ڕەوتە ئەسڵی و ژێرەوەییانەی ناو گۆمەڵگە کە ڕەوەندێکی مێژووی هێناونیەتە پێش. ڕەوەندێکی مێژووی کە ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردستانی پیا تێئەپەڕێت خوازیاری ئاڵتەرناتیڤی ئیسلامی سیاسی نیە و پێی نامۆیە. نەک ئەوەکە ئیسلامی سیاسی ئەو خواستەی نییە بەڵکو کۆمەڵگە لە ئیسلامی سیاسی وەرناگرێ، نەک بەو لێکدانەوە سەرزارەکی (سەتحی)یانەش کە ئەڵێ کۆمەڵگەی کوردستان مۆدێرن ترە لەوەی کە تەحەممولی ئیسلامی سیاسی بکات یا ناسیونالیزمی کورد وەک ناسیونالیزمەکانی تر نییە و دانووی زۆر لەگەڵ ئیسلامدا ناکوڵێ،.......هتد. ئەمانە وەک فاکتۆر هەن و ڕۆڵی خۆشیان هەیە بەڵام مەسەلەکە قوڵترە لەوانە.

ڕەوەندی ئاڵوگۆڕە ئابووری-کۆمەڵایەتی و سیاسی-فکرییەکانی ئێستای کوردستان، هێشتنەوە و ڕاگرتنی ئیسلامی سیاسییە لە پەراوێزی ناسیونالیزمی کورددا. گەرچی داوێنی پەرەسەندن و قەوارەکەی و ژمارەی کورسییەکانی پەرلەمانی لەماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر زۆر و کەم ئەکات، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە کە ئیسلامی سیاسی لە کوردستانی ئەمڕۆدا هەڵپەسێردراوە(معلق)، ئاسۆی هەژمونی و دەسەڵاتگرتنی بەسەر چارەنووسی کۆمەڵگەی کوردستاندا لە دەستداوە و ئەی ساچێنێ. کێشمەکێشی ئەسڵی لە سەر چۆنیەتی شکڵدان بە کۆمەڵگەی کوردستانی ئەمڕۆ و پەیوندیە کۆمەڵایەتی-سیاسی و فکرییەکانی ناوی کێشمەکێشێک نیە لە نێوان بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی کورددا، بەڵکو کێشمەکێشێکە لە نێوان ناسیونالیزمی کورد و بزووتنەوەی ڕادیکالیزمەی جەماوەریدا. لە هەناوی کێشەیەکی بەرفراوانتردا کە گشت ئەم کۆمەڵگەیەی کوردستانی بە ڕەوتە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکانیەوە بەرامبەر ناسیونالیزمی عەرەب داناوە.

مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستان مێژووی ئەم دەرگیری و پێکدانانەی ژێرەوە و سەرەوەی ئەم دووبزووتنەوەیەی ناسیونالیزمی کورد و ڕادیکالیزمەی جەماوەرییە، بەڵام لە چوارچێوەی کێشمەکێشێکی بەرفراوانتری نێوان ناسیونالیزمی کورد و ناسیونالیزمی عەرەب لە ئاستێکی سەراسەری عێراقدا. هەردوو ئەم کێشمەکێشەی نێوان ناسیونالیزمی کورد و عەرەب لەلایەک و ناسیونالیزمی کورد و بزووتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە کارو کاردانەوەیەکی بەردەوام و ڕاستەوخۆدان لەسەر یەکتری. نەبینینی ئەم کێشمەکێشە وەک یەکەیەک (کولليەتێک)، لەباری سیاسی عەمەلیەوە نەبینینی میکانیزمەکانی دەست کۆتا کردنی ناسیونالیزمی

کورد و بەرەڵڵا کردنی چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگەی کوردستانە لەدەستی ئەودا. [ئەمە باسی ئێستامان نییە، هەوڵ ئەدەین لە فرسەتێکی تردا بێینە سەری].

ئیسلامی سیاسی لەمڕۆی کوردستاندا نەک ئاڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد بەڵکو لەمپەرێکی ئەوە لە بەرامبەر هەر پێشکەوتن خوازی، مۆدێرنیەت و سکیولاریزم و عیلمانیەتێک کە نەکا ببێتە هۆی خولقاندنی ئاوهەوایەک کە چەپ و هەر هێزێک کە بۆنی کرێکار و کۆمۆنیزمی لێ بێت تیا بپشکوێت. بەجیا لەوەی کە لەسەر ئاستی سەرەوەی کۆمەڵ ئەم دوو هێزە، ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی، چۆن هەڵئەپڕژێن بەڕووی یەکتریدا، لە ژێرەوە بەرژەوەندیەکی قووڵ بەیەکەوەی گرێداون. ئەمە واقعیاتێکی مەوزوعی و مادی کۆمەڵگەی کوردستانە کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئاوا لەمڕۆی کوردستاندا ڕیز بەندی کردوە. شتێک نیە ئێمە بە خواست و ئارەزووی خۆمان ئاوا دایان بنێین لەبەرامبەر یەکتریدا.
ئەوەی کە لووتی بەرزی ناسیونالیزمی دەسەڵاتداری کوردی لە عەرزیدا، ئەوەی کە پۆزی فەزڵفرۆشی ئەم ناسیونالیزمەی شکاند، کە گوایە خاوەن ئەزموونێکی بێ وێنەی دیموکراتییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەی کە پەردەی لادا لەسەر بێ ئابڕوویەکەی و ناوەڕۆکی شێتگیری و سەرکوتگەرییەکەی بەرامبەر جەماوەر دەرخست، ئەوە ئەو خۆپێشاندانانە و بزووتنەوە نارەزایەتییە بوو. بەیەک مانا ئەوە چەپی ڕدیکاڵی کۆمەڵگە بوو، نەک ئیسلامی سیاسی. چەپی کۆمەڵگە ئۆپۆزیسیۆنێکی زەبەلاحی نوستووە کە جارجار وەخەبەردێت و هەموو هاوکێشە مەوجوودەکان تێکوپێک ئەدات.

لە کۆڕێکی خۆمانەییدا یەکێک لە کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشۆخی کردنەوە لە گەرماوگەرمی خۆپێشاندانی شارەکاندا ووتبووی "بۆخاتری خوا ئەمە کەی ڕەوایە خەڵکی کوردستان وامان پێ بکەن. تازە دەوڵەتی کوردیمان دروست کردوە کە چی خەڵکی لێناگەڕێن و حەیا و ئابڕوویان بردین، هەی دەستی سەددامتان لەسەر بەزیاد بێت کە ئەنفالی کردن و کیمیابارانی کردن!". گەرچی ئەمە نەک وەک هەڵوێستێکی سیاسی، بەڵکو وەک نوکتە و لە مەجلیسێکی گاڵتەوگەپدا ووتراوە، بەڵام خۆی زۆر بەدروستی ئیحساساتی ناسیونالیزم بەرامبەر ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییە کۆمەڵایەتیە، و قەڵشتی نێوان ئەم دوو بزووتنەوەیە و دژایەتییان بەرامبەر بەیەکتری دەرئەخات.

بۆ ناسیونالیزمی دەسەڵاتدار ئەوە زۆر گرفتێکی گەورە نییە، کەسەر لە ناو جۆخینی دەوڵەت دەربهێنێ و دەست بکات بە گیرفانی هەڵدمساویا و مشتێکی لێ دەربهێنێ بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی خەڵکی و تۆزێک لەخۆی ببورێ و هەڵسێ بە هەندێ ڕیفۆرم. نیگەرانیەکەشی زۆر لە ئابڕووچوون نیە کە بەدرێژایی مێژوو وەک پێستەخۆشەی لێهاتووە. بەڵکو نیگەرانی (دەست)ێکە کە لەپشتی ئەم نارەزایەتییە جەماوەریەوە بۆی بێتەدەرەوە و پشتەملی بگرێت. کۆمەڵگەی کوردستان تینوی ئاڵتەر ناتیڤێکی چەپە، ئەمە خواستێکی مەوزوعی و مێژووییە. ژانی لەدایک بوونی ئەم ئاڵتەرناتیڤە لە ناو منداڵدانی ئەم کۆمەڵگەیەدا دێت و دەچێ. ئەم کۆرپەیە لەبار ئەبرێت یان لەدایک ئەبێ پرسیارێکە ئایندەی خەباتی سیاسی ئەمە دیاری ئەکات. حەساسیەتی ناسیونالیزمیش هەر لێرەدایە بەرامبەر ئەو بزووتنەوە ئیعتیرازییە. هەر بۆیەشە لوتی ناسیونالیزم لە لووتی سەگ حەساس ترە بەرامبەر هەر ڕێکخراوەیەک بۆنی چەپ، کرێکار و کۆمۆنیزمی لێ بێت. شتێکی سەیر نیە کە بەپێی هەمان دەستورو قانونێک کە خۆیان بە بەژن وبالای کۆمەڵیان دابڕیوە، ئیجازەی ڕەسمی نادەن بە حیزب و ڕێکخراوەیەک کە ڕەنگی چەپ و کرێکار و کۆمۆنیزمی پێوە بێت. ئایندەی چەپ ئایندەیەکی ڕۆشنە، بەڵام ئەوەی کە ئامادەی ئەکات ببێت بەهێزێکی کۆمەڵایەتی و ئاڵتەرنتیڤ لە بەرامبەر ناسیونالیزم، پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕیەک کە لە دەرونی ئەم چەپەدا دێتەدی.

ئەمڕۆ بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، ڕووبەڕووی هیچ ئالتەر ناتیڤێکی-سیاسی جددی نەبۆتەوە لە کوردستاندا کە هەژموونیەکەی بەسەر کۆمەلگەی کوردستان و دەسەلاتە تازەکەی خستبێتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە قرقێنەی عافیەتی دەسەلات لێئەدات نەک هەر لە سەر ئاستی کوردستان بەلکو لەسەر ئاستی عێراقیش. نە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان، نە بزووتنەوەی کرێکاری و چەپ وەنە بزووتنەوەیەکی ڕیفۆڕمیستی و لیبرال، لەو ئاستەدا نین کە نەک هەر ئالتەرناتیڤ بەلکو ئۆپۆزیسۆنێکی بەهێزیش بن بەڕوویدا.

هەروەک باسمان کرد ڕیفۆڕمیزم بزووتنەوەیەکی سەربەخۆ نییە، بەلکو لە داوێنی ناسیونالیزمدایە و بەشێکە لەخۆی. وە خەریکی مکیاجی دەموچاوی ناسیونالیزمە چ لەبەرامبەر خەلکی کوردستان و چ لە بەرامبەر دەرەوەی کوردستاندا. ئیسلامی سیاسی هاتۆتە ناو هاوکێشەی ڕەسمی هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە بەو مانایە وەک هێزێکی ئۆپۆزیسیۆن دێتە بەرچاو. بەلام ڕەوەندی ئالوگۆڕە مێژووییەکانی ئەمڕۆی کوردستان شانسی ئەوەی پێ نابەخشێ کە ئالتەرناتیڤێکیش بێت لە جیهانی واقعیدا، هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنێکی نامۆ بەکۆمەلگە، ڕووکەش و کارتۆنیە لەمڕۆی کوردستاندا. ئەم نمونەیە لە نمونەی حیزبی شیوعی عێراق ئەچێت لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کە هەمیشە وە تا ئێستاش لە ناو هاوکێشەی هێزەسیاسیەکانی عێراقدا مەوجودە بەلام لە جیهانی واقعیدا هیچ کارەیە. بزووتتنەوەی چەپ بەپێچەوانەی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، بەشێک نییە لە هاوکێشەی ڕەسمی هێزە سیاسیەکانی کوردستان، کە ئەمە خۆی لاوازییەک و کەلێنێکی گەورەیە، بەلام لە جیهانی واقعید هەوێنی ئالتەرناتیڤێکی  کۆمەلایەتی بەهێزە ئەگەر جۆش بخوات بە نارەزایەتی جەماوەر و بزووتنەوەی کرێکاریەوە.

نیگەرانیەکانی ناسیونالیزمی کورد بەپلەی یەکەم نە ئیسلامی سیاسیە لە کوردستاندا، نە چەپ و بزووتنەوەی کرێکاریە،وە نە ناکۆکیە خانەوادەییەکانی نێوان "پارتی" و "یەکیەتی" و یەکخستنەوەی وەزارەتە حەسساسەکانی حکومەتی هاوبەشیان و سەرهەلدانەوەی شەڕی براکوژیە. نیگەرانی ئەسلی ناسیونالیزمی کورد لەمڕۆدا ئایندەی "عێراق"ە. چارەنووسی ناسیونالیزمی کورد لە ئێستادا زۆر پەیوەست نیە بەوەوە کە چی ئەگوزەرێت لەکوردستاندا، بەلکو پەیوەستە بەوەوە کە چی ئەگوزەرێت لە بەغداد. ئەم خسلەتی "عێراق چییەتی"ە  هەتا نارەحەتی لە ڕیزەکانی خۆشیانا هێناوەتەدی. ناسیونالیزمی کورد چۆتە ناو قومارێکەوە کە نەک هەر چارەنووسی خۆی بەلکو چارەنووسی کۆمەلگەی کوردستانیشی بەستۆتەوە بەو قومارە.یان گالْ دێنێ یان پەمۆ!

نیگەرانیەکانی خەلکی کوردستان بەرامبەر دەولەتی مەرکەزی عێراق، نیگەرانیەکی لە مێژینەیە. ناسیونالیزمی کورد وەک بزووتنەوەیەکی سیاسی-کۆمەلایەتی و چەکدار، لەو شوێنەوە دەست بالایی خۆی بەسەر بزووتنەوە کۆمەلایەتیە سیاسییەکانی تری ناو کۆمەلگەدا بەدەستهێناوە کەدەستی بردووە بۆ وەلامدانەوە بەو نیگەرانیانەی خەلکی کوردستان لە دەولەتی مەرکەزی و خۆی وەک نوێنەری هەموو چین و توێژەکان و ڕابەری کۆمەلگەی کوردستان ناساندووە، وە توانیویشیەتی لەمەدا سەرکەوتووبێت و هیچ مونافیسێکی نەبێت لەوەی کە چۆنچۆنی یاری و  قومار بە چارەنووسی ئەم کۆمەلگەیەوە بکات.

هەر بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی کە نەتوانێت خاوەن ڕێگەچارەیەکی عەمەلی و چارەساز بێت بۆ نیگەرانیەکانی خەلکی کوردستان لە دەسەلاتی ناسیونالیزمی عەرەب، ناتوانێت خۆی وەک نوێنەری هەموو خەلکی کوردستان و ڕابەری کۆمەلگە ساغ بکاتەوە و لێرەوە بالادەستی لە ناسیونالیزمی کود بسێنێتەوە لە کۆمەلگەی کوردستاندا، و

چارەنووسی ئەم کۆمەڵگەیە جیابکاتەوە لە چارەنووسی بزووتنەوەی ناسیونالیزمی کورد. وە پەیوەستی بکات بە چارەنووسی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکەی خۆیەوە.

********** ********** **********

## پێشەکیەك بۆ: خۆپێشاندان، ناسیونالیزم و بزووتنەوەی کرێکاری.

ئەمڕۆ بزوتنەوەیەکی کرێکاری شکڵ گرتوو و سەربەخۆ، خوازیاری ئاڵوگۆڕیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەڕاستەوخۆیی لەم کێشمەکێشانەی کوردستاندا ئامادەی ئەم مەیدانی جەنگە نییە، گەرچی نارەزایەتی کرێکاریش بەشێکی ئەم خۆپێشاندانە جەماوەرییەی ئەمڕۆی کوردستانی پێک هێناوە، نەک هەر ئەمەش لە باری بابەتی و مێژوویشەوە ئەم بزووتنەوە ڕادیکالیزمەی ئەمڕۆ خۆی پێشەنگی هاتنە مەیدانی ئەو بزووتنەوەیە، ڕەشەبایەکی پێش ئەم گەردەلوولەیە. وە تەنها ئالآی سیاسی-چینایەتی ئەوبزوتنەوەیە کە ئەتوانێت ئالتەرناتیڤی چەپی کۆمەڵگە بێت. وە وەڵام بە نیگەرانیەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە (ئێمە لە شوێنێکی تردا دێینە سەر دیالەکتیکی ئەم پەیوەندیە و ڕۆڵ و جێگەوڕێگەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کێشمەکێشەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان.)

********** ********** **********

### دواووتە:

مەبەستی ئێمە لەم بەشەی دووەمەدا، دەرخستنی واقعیاتی ئێستای ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە بوو لە پەیوەند بەبزووتتنەوە کۆمەڵایەتیە-سیاسیەکان و کێشمەکێشەکانی نێوان ئەو بزووتنەوانە. تا لێرەوە بێینە سەر واقعیاتی بزووتنەوەی چەپ و ڕێکخراوەکانی لە ناو ئەم بزووتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریە و ڕۆڵی ڕێکخراوە چەپەکان لە ڕێکخستن و ڕابەرایەتیەکەیدا.

10.**ئۆکتۆبەری**.2006

**-ماویەتی-**